www.kurdistannet.org
9-6-2006 12:38:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# روونکردنەوەیەك لە راگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان

رۆژنامەی ( ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لەژمارە(10047)ی رۆژی پێنجشەمە1ی حوزەیرانی 2006چاوپێكەوتنێكی لەگەل بەرێز عەدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمانی كوردسان بلاْوكردۆتەوە لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق‌و كوردستان، كە بەداخەوە لەلای چەند كەسانێك دوور لەتێگەیشتن لەراستی مەبەست ووەلاْمەكان، كاردانەوەی نادروستی لێكەوتەوە. كە لەسایتی كوردستان نێتدا بلاوكراونەتەوە، لەوانەش ژمارەیەك ئیمزایان كۆكردۆتەوە كە لەگەل بۆچوونەكەی سەرۆكی پەرلەماندا نین بەتایبەتی ئەو وەلامی كە باس لە كوردی عێراق دەكات‌و دەلێت:*'لەسەردەمی رژێمی سەدام كوردێكت لە ئەوروپا نەدەدۆزیەوە كە ئەو بلێ عێراقیمە. بەلكو پێی دەگووتی كوردم، بەلام ئێستا لەسایەی دەولەتی فیدرال‌و دیموكراتی نوێدا، دەبینی زۆربەی كوردەكانی ئەوروپا دەلێن ئەوان عێراقین، یاخود كوردی عێراقین. چونكە ئێستا لەعێراقێكی جیاوازداین. كە سەرۆكەكەی كوردە، ئەویش عێراقێكی فیدراڵە. كە گەلی كورد لەپێناویدا خەباتی كردووەو جیاوازی هەیە لەگەل عێراقی پێشوودا. بۆیە دەلێم بۆچوونی كورد بەرانبەر بەعەرەب ئیجابیە"* .

ئێمە وەلامی ئەو كەسانە نادەینەوە كە بەشێوەیەكی نابەجێ ودوور لەڕەوشتی رۆژنامەنووسی وڕادەربڕین ورەخنەگرتن چەند ناحەقیان كردووە وراستیەكانیشیان شێواندووە،وخەلكیان پێ چەواشەكردووە. بەلام ئەو كەسانەشی كەئیمزایان كۆكردۆتەوە وناویان نووسیووە مافێكی سروشتی خۆیانە، بۆچوونەكانیان هەرچۆنێك بێت رێزی خۆی هەیە. بەلاْم دلْنیاین كە زۆربەیان دەقی چاوپێكەوتنەكەیان بەكوردی نەخوێندۆتەوەچونكە بەزمانی عەرەبی نەگەیشتۆتە ئەو كەسانەی ئیمزایان كردووە. چونكە لەپێشەكی نووسینەكەیاندا بۆ كۆكردنەوەی ئیمزاكان بە ئارەزوی خۆیان دەقێكیان دارشتووە كە دەلێن:" *لەسەردەمی دەسەلاتی سەدام حوسێندا یەك كورد نەبوو خۆی بەعێراقی بزانێت، بەلاْم دوای ئەوەی كوردێك بووە سەرۆكی عێراق زۆربەی كوردی ئەوروپا خۆیان بە عێراقی دەزانن"* .

خوێنەری بەرێز ئەگەر بەراوردێك بكەی لە نێوان ئەسلی قسەكانی سەرۆكی پەرلەمان كە لە سەرەوەدا بەزمانی كوردی نووسراوە لەگەل ئەو دوو دێڕەدا. بێگومان چەواشەكاری‌و جیاوازیەكی زۆر لە نوویسنەكەی كوردستان نێتدا بەدی دەكەی، ئەمەش نیشانەی تێنەگەیشتنە لە ئەسلی مەبەستەكەو ئامانجیان ئەوەیە كەناوەرۆكی چاوپێكەوتنەكە

چەواشەبكەن، بۆئەوەی خەلك و خوێنەران بەهەلە لەناوەرۆكەكەی بگەن. بۆیە بەباشمان زانی دەقی چاوپێكەوتنەكە بەكوردی بلاوبكەینەوە وبیخەینە بەرچاوی ئەو خوێنەرە بەرێزانەی كە پێویستە لە هەموو ناوەرۆك وراستی بۆچوونەكان ئاگاداربن. دوای خوێندنەوەی چاوپێكەوتنەكەش بە كوردی، ئەوەی بەردەوام دەبێت لەسەر هەلویستێ وئیمزاكەی ئەویش حەقێكی سروشتی خۆیەتی كەچۆن بیردەكاتەوە وبەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی چۆن لەبۆچوونەكان دەگات.

**راگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان**
2006/6/9

## دەقی پرسیارو وەلامەكانی چاوپێكەوتنی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لەگەل رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت) رۆژی 1ی حوزەیرانی 2006 .

**چاوپێكەوتن/ معد فیاض / هەولێر**

**پ1/ سروشتی پەیوەندییەكانتان لەگەل بەرلەمانی ناوەندی عێراق چۆنە؟**

**وەلام1/** پەیوەندییەكان لە ئاییندەدا زیاتر رووندەبێتەوە.لەماوەی پێشوودا ئێمە بەپێی یایای بەرێوەبردنی دەولەت كارمان دەكرد. ئێستا بەپێی دەستوور كە گۆرانی بەسەرداذێت. هەندێك مەواد هەیە كە پێمان وایە پێویستە هەموار بكرێن.هەندێك یاساش هەیە لەپەرلەمانی عێراق دەردەچێت ئیمە موسادەقەی لەسەر دەكەین. ئەگەر پێویستی بە هەموار كردن هەبوو بۆ ئەوەی لەگەل تایبەتمەندی هەرێمی كوردستان بگونجێت هەمواریان دەكەین و دەری دەكەین. هەرێم چەند تایبەتمەندیەكی دیاریكراوی هەیەكە كە دەستوور دیاریكردووە بۆ رێكخستنی ژیانی ئابووری و چەند یاسایەكمیش هەیە كە تایبەتە بە دەولەتی فیدرالی، ئەوانیش لە ئیختیساساتی بەرلەمانی عێراق دایە. گفتوگۆیان لەسەر دەكەین یا هەموار دەكرێن و دەریان دەكەین. چەند دەسەلاتێكی هاوبەش وەی تری تایبەت بە هەرێمیش هەیە.

**پ2/ ئایا ئەو یاسایانەی كە لەپەرلەمانی كوردستان دەردەچێت دەیخەنە بەردەم پەرلەمانی عێراق؟**

وەلام2/ نەخێر، ئێمە سەربەخۆین لە دارشتنی یاسای تایبەتدا، بەلام ئێمە لەدەستووری عێراقیەوە دەست پێدەکەین. لەبەر رۆشنایی ئەو دەسەلاتانەی کە دەستووری عێراق پێی داوین ئێمە یاساکان دادەرێژین. پەرلەمانی هەرێم سەربەخۆیە وسەربەخۆییەکی رێژەییەو لەچوارچێوەی دەسەلاتەکانی دەستووری عێراقدایە. دواتر دادگای دەستوری دادەمەزرێ بۆ ئەوەی سەیری هەر جیاوازیەك بكات كە لەنێوان هەردوو بەرلەماندا هەبێت. ئەم دادگایە دەتوانێ سەیری هەر سكالایەك بكات كە لەلایەن هەریەك لەم دوو پەرلەمانە بەرز بكرێتەوە.

پ3/ ئێوە ئێستا خەریکی دەرکردنی دەستوورن بۆ هەرێمی کوردستان، هەیە دەپرسێ چۆن دەبێت لەیەك ولاتدا دوو دەستوور هەبێت؟

وەلام3/ ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن لە وردەکاریو ناوەرۆکی سیستمە فیدرالیەکان نازانن. هەتا ئەگەر سیستمی فیدرالی جێبەجێ نەکرا. دەستوور مانای چییە؟ بریتیە لە یالسا سەرەکیەکان، هەموو کۆمەڵگەۆ شارو دامەزراوەیەك پێویستی بەیاسای خۆی هەیە کە لەپال یاسای گشتی ژیان وکارەکانی رێکدەخات.

سەبارەت بەئێمە لەهەرێمدا، لەو کاتەی کە رژێمی سەدام حوسێن یش لە حوکمدابوو ئێمە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانمان هەبوو، لەنەوەداکانیشەوە بیرۆکەی بوونی دەسەتوورمان هەبووە، پارتە سیاسیەکانی کوردستانیش دەستیان کرد بە گفتوگۆو باسکردنی ئەم بیرۆکەیە، لەسالی 2002 پارتە کوردیەکان لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا رەشنووسی دەستووری هەرێمیان پەسەند کرد، کە ئەم رەشنوسە بنچینەی ئەو دەستوریە کە ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وتووێژی لەسەر دەکرێت. بەپێی بارودۆخی ئێستاش رەشنووسەکە گۆرانی بەسەر داهاتووە. بەرهەحال دەستووری هەرێمی ئێستا لەگەل دەستووری عێراق ناکۆك نابن. دەستووری هەرێم شێوازی هەرێمەکە لەرووی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووری دیاری دەکات. بەپێی بیروبۆچوونی ئێمە لەمەر مافی گەلان بۆ دیارکردنی چارەنووسیان، بۆیە پەرلەمانی کوردستان سالی 1992 بریاری مانەوەی پەیوەندی نێوان هەرێمو ناوەندی دا، ئەگەرچی کە ناوەند( رژێمی سەدام) هەموو پەیوەندییە ئابووریو کارگێریەکایەکانی لەگەڵ هەرێمدا پچراندبوو، دەرمالەی داراییو سووتەمەنیو خۆراکی راگرتبوو. بەلام ئێمە وەك بەشێك لەعێراق بریاری مانەوەماندا، پەیوەندییەکانیشمان لەگەل ناوەند لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین رێکخست. بریاریشماندا لەگەل عێراق بیمێنینەوە بەپێی ئەو سیستەمە فیدرالیەی کە ئێستا بەدی هاتووە.

**پ4/ ئایا هەرێمی کوردستان سەرەتایەکە بۆ دەولەتێکی جیابووە لەعێراق، یاخود وەك هەرێمێکی یەکگرتوو لەگەلیدا دەمێنێتەوە؟.**

**وەلأم4/** ئێمە وادەبینین کە هیواوو ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە فیدرالیزمدا بەدی دێت. ئەمانە هیواوۆ ئاواتە سیاسی و ئایووری و مێژوویی و رۆشنبیری و نەتەوەییەکانمانە، بەلەرچاو گرتنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان و رەچاوکردنی هەلومەرجی واقعیەکان لە عێراق و ناوچەکەو جیهاندا. گەلی کولادستان وەك گەلانی تری دنیا مافی خۆی هەیە لە دامەزراندنی دەولەتێك لەسەر خاکی خۆی بێتەوەی ئەم دەولەتە لەسەر حیسابی دەولەتێکی تربێت.بەلام ئێمە دەزانینن کە راستیە مێژوویی و جوگرافی وئەو گۆرانکاریانەی کەدوای چەنگی جیهانی یەکەم روویانداو جەنگی جیهانی دووەمیش جێگیر بوون، وامان لێدەکەن کە لەبەدیهێنانی داواکاریەکانی گەلەکەماندا واقعیی بین. واقعیەت دەلێ کەدەتوانرێت بەپێی پرەنسیپی یەکسانی و رێزگرتنی بەرانبەر لە چوارچێوەی ولأتێکی تردا بژین. بەلام یەك سنوورو یەك یاسای هاوبەش بەپێی پرەنسیپی دیموکراسی و یەکسانی دەرفەت و ریزگرتنی بەرانبەر لە ئازادیەکەی و ریزگرتن لە مافی مرۆڤ. ئەگەر سەرکەوتین لەدامەزراندنی دەولەتێکی دیموکراتی و فرەیەیی فیدرالی لە عێراقدا وەك ئەوەی کە دەستوور رووخسارەکەی دیاری کردووە، لەوانەیە ئێمە بژین بێئەوەی هیچ پرسیارێك هەبێت لەبارەی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی و سەربەخۆیی.حەزدەکەم بەووانە بلێم کە بەشێوەیەکی نا بابەتیانە سەیری گۆرانکاری بارودۆخەکان دەکەن. گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی فاکتەرێکی گرنگنلە یەکگرتنی عێراقدا ئەمەش شتێکی پۆزەتیڤە، ئەگەر توانیمان بەسەر تیرۆردا سەرکەوین، ئەوا بەکردەوە عێراقێکی دیموکراسی لەسەر ینەمای یەکستایۆ خۆشەویستیدا بنیات دەنێین ولەمەشدا بۆخۆمان رۆلێکی بەرچاو مسۆگەر دەکەین و شانازی پێوە دەکەین.

**پ5 / ئایا تائێستاش کوردەکانی عێراق ترسیان لە عەرەبەکان هەیە؟**

**وەلام5 /** ناتوانم بلێم کە ەترسیهەیە لەعەرەبی عێراق، چونکە زۆرینەی عەرەبی عێراقیش وەك کوردەکان ئازاریان چەشتووە. بەراشکاوی دەلێم ئەو تیرۆرەی کە لەعێراقدا روو دەدات زیان بە هەندێك عەرەبی عێراق دەگەیەنێت. هەروەك ئەو تیرۆرەی کە لە جیهان روودەدات زیان لە ئیسلام دەگەیەنێت ئەگەلاچی ئیسلامیش لێی بێ بەریە، خەلکی هوشیار لەکوردستاندا زۆربەیان دەزانن کە عەرەبی عێراقیش قوربانی دەستی رژێمی پێشووو تیرۆری ئێستان،ئەوانیش وەکو کوردەکان پێویستیان بەکاتە تا بارودۆخەکانیان باشتر

بکەن. زۆرینەی گەل لەکوردستاندا ریز لە پیەیوەندییەکانیان لەگەل عەرەبدا دەگرن و دەیانەوێ گەشەبکات وبەرەوپیشەوە بچیت. *لەسەردەمی رژیمی سەدام کوردیکت لە ئەوروپا نەدەدۆزیەوە کە ئەو بلی عیراقیە. بەلکو پیی دەگووتی کوردم، بەلام ئیستا لەسایەی دەولەتی فیدرال و دیموکراتی نویدا،دەبینی زۆربەی کوردەکانی ئەوروپا دەلین ئەوان عیراقین،یاخود کوردی عیراقین. چونکە ئیستا لەعیراقیکی جیاوازداین. کەسەرۆکەکەی کوردە، ئەویش عیراقیکی فیدراڵە.کە گەلی کورد لەپیناویدا خەباتی کردووە و جیاوازی هەیە لەگەل عیراقی پیشوودا. بۆیە دەلیم بۆچوونی کورد بەرانبەر بەعەرەب ئیجابیە.*

Tariq J. Sarmami
Midea consultant
kurdistan National Assembly
+964 750 4618771